# کەمپی باریکە و کێشەکانی

## جەماڵ پاڵانی: موشکیلەی ئێمە نەبوونی مووچەیە، یانی مووچەیەک بۆ ئەم خەڵکە دابین بکەن، بەسە

"بۆکوردستان"
500 بنەماڵەی ئاوارەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە زۆربەیان سەربە ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو و سەلاسی باوەجانی و ناوچەکانی دیکەی پارێزگای کرماشانن، ماوەی 3 ساڵە لە باریکەی سەر بە ناحیەی عەربەت لە قەزای سلێمانیدا نێشتەجێی. ئەو بنەماڵانە لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران روویان لەمدیو کردووە و پێشتر لە روومادیدا نێشتەجێ کرابوون"بۆ کوردستان" وەک هەولێک بۆ خستنە رووی کێشەکانیان، چەند کەسێک لە دانیشتووانی کەمپە دەدوێنێ.

**ئەم خەڵکانە کێن و لە گوییەوە هاتوون؟**
**جەماڵ پاڵانی:** ئەم خەڵکانە تەقریبەن لە سێ بەش پێکهاتوون. بەشێکیان سەربە سەلاسن، بەشێکیان سەر بە قەڵان و بەشێکی دیکەشیان هی مەنتەقەی زەهاون. تەقریبەن عەشیرەتەکانی قەلغانی و قایم مەلەکیی تێدایە.

**گرفتەکانی ئێوە لێرەدا چیین؟**
**ئیسماعیل پاڵانی:** گرفتەکانی ئێمە نەبوونی ژیانە بە هیچ شێوەیەک، راستە un ئەم خانووانەی بۆ کردووینەتەوە، هەر ئەوەندە بووە خانووەکانی بۆ ئێمە دروستکردووە، بەڵام کامل نییە، تا ئێستا ئێمە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکوومەت هیچمان بۆ نەکراوە و un یش هیچی بۆ نەکردووین. لەو ماوەیەی کە هاتووین هێچ کێشەیەکمان بۆ چارەسەر نەکراوە.

**خوێندن لە کەمپەکەدا لە چ ئاستێکدایە؟**
**مەنسوور یاری:** ئەوەی کە بخوێنێت، لەمپەرێک نییە بۆ خوێندن، بەڵام ئێمە بە حوکمی ئەوەی کە خەڵکێکی ئاوارە و فەقیر و پەنابەرین، قوتابیان و منداڵانمان بە حوکمی دەسکورتی تا پێنج و شەشی سەرەتایی دەخوێنن، بەشێکی کەم لەو خەڵکە کە بە قامکەکانی دەست دەژمێردرێ دەچنە قۆناغی سەرەوە و زۆربەیان لە پێنجی سەرەتاییدا واز لە خوێندن دێنن و ئەچنە بازاڕی کارەوە. حکوومەتی هەرێمیش هیچ یارمەتییەکی ماڵیی نەکردووین.

**تا چ ئاستێک بورای خوێندن بۆ کچان و ژنان لەم کەمپەدا رەخساوە؟**
**مەهتاب پاڵانی:** لەو بوارەوە ئێرە لە روومادی باشترە، بەڵام خەڵک کەم دەردەچێ و شوێنێک نییە کە بچینە ئەوێ و کۆ ببینەوە تەنیا ئەو فەرهەنگخانەیە نەبێ، کە قازانجی زۆری هەیە بۆ ژنەکان. لەوێ خولی زمانی ئینگلزی تێدا کراوەتەوە، کە ژنەکان زۆربەی دەچنە ئەوێ.

**حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئاسانکارییەکی بۆ خوێندکارانی ئەم کەمپە کردووە؟**
**جەهانگیر محەممەدی:** من دەتوانم بڵێم نا. هیچ پاڵپشتییەک نە لە خوێندەوار و نە لە نەخویندەوارمان نەکراوە.

**بۆ بەسەر بردنی ئەوقاتی فەراغەت چی هەیە بۆ لاوەکانی ئێرە؟**
**ئیسماعیل پاڵانی:** هیچ جێگایەک نییە بەس ئەوە نەبێ ساحەیەکی تۆپانە هەیە ئەویش لە لایان کۆمەڵەوە دروست کراوە بۆ ئەو خەڵکە.

**وەزعی ئاوی خواردنەوە چۆنە لەم کەمپەدا؟**
**مەنسوور یاری:** ئێستا کە زستانە سێ چوار رۆژ جارێک ئاو دێتەوە جیا لەوە بەپێی گوزارشتی پزشکی، ئاوەکە زۆر پیسە و بە کەڵکی خواردن نایەت و هەڵگری هەزاران نەخۆشییە.

**باری تەندروستیتان چۆنە لەم کەمپەدا؟**
**ئیسماعیل پاڵانی:** نەخۆشخانەیەک هەیە بەڵام هی ئێرە نییە، هی قەدیمە دروستکراوە و هیچێکی تێدا نییە، لە رووی خزمەتگوزارییەوە شتێکی بەسیتی تێدایە و تەنانەت ئامبوڵانسیشی نییە. وەختی وا هەیە نیوەشەو نەخۆشمان دەبێ و ئەبێ بەو رێگە دوورە خۆمان بیبەین بۆ سلێمانی.

**لە کاتی پێکهێنای ژیانی هاوسەریدا چ ئاستەنگێک لە بەردەم کچانی ئێوەدا هەیە لەم کەمپەدا؟**
**مەهتاب پاڵانی:** کێشە زۆرە مەسەلەن سەبتی عەقد و زەواج درێژ خایەنە و ئەوە زۆر موشکیلەیە. چەند رۆژ لەمەوپێش سەردانی ماڵێکمان کرد کە تێیدا کوڕ و کچێک تازە ژیانی هاوبەشیان تازە پێکهێنابوو، بە داخەوە تەنها لە ناو دیوێکدا دەژیان کە تەنانەت جێگای خۆشۆردنیشی تێدا نەبوو. ئەو دیمەنانە وا دەکەن کە کچان و کوڕان واز لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بێنن.

**ئەو منداڵانەی کە لێرە لە دایک دەبن، ئایا لە لایان حکوومەتەوە پێناسەیان پێدەدرێ؟**
**جەماڵ پاڵانی:** وەکوو ئینسانێکی دەرەجە 2 حیسابیان بۆدەکرێ.

**لە رووی ئیقامەوە چیتان بۆ کراوە لە لایان حکوومەتەوە؟**
**مەنسوور یاری:** ئێمە لەلایان unەوە ناسراوین، بەڵام لەلایان حکوومەتی هەرێمەوە نەناسراوین. بە حوکمی ئەوە هاتن ماڵبەماڵ گەڕان و ناونووسیان کرد و وتیان کە هەر رۆژە 10 کەستان بێن بۆ ئیقامە و پاسپۆرت لە نووسینگەی سلێمانی. بەڵام هەر نەکرا و تا ئێستا ئێمە کێشەی ئیقامەمان هەیە. ئەوانەی کە ئیقامە وەر ئەگرن کەسانێکن کە تەشکیلی خێزان ئەدەن، ئەگەر ئیقامە دەر نەکەن عەقدیان بۆ ناکەن.

**ئەو ژنانەی کە مێردیان نییە، یان مێردەکانیان لەناو چوون و کەسێکیان نییە بیانژینێ، چۆن لە کەمپەدا بژێوی خۆیان بەدەست دێنن، ئایا پشتوانەیەکیان هەیە؟**
**مەهتاب پاڵانی:** مەگەر کوڕ یان زیاتر خزمێکیان هەبێ کە بیانژینێ دەنا لە لایەن حکومەتەوە یارمەتی نەدراون، سەرەڕای ئەوە داواکارییانەی کردوومانە ئەو کەسانەی کەس و کاریان نییە و ئەو کەسانەی کە پیر و پەک کەوتوون، مەعاشێکیان بۆ ببڕنەوە یان یارمەتییەکیان بکەن. قەولیان پێدواین، بەس تا ئێستا هیچیان نەکردووە.

**ئەوانەی پیر و بەساڵاچوون لەم کەمپەدا چۆن بژێوی ژیانی خۆیان دەستەبەر دەکەن، هیچ یارمەتییەکیان دراوە لە لایان حکوومەتەوە؟**
**جەماڵ پاڵانی:** هەروەک خۆیان ماونەتەوە و هیچیان بۆ نەکراوە

**بەدواداچوون هەبووە بۆ چارەسەری کێشەکانتان لە لایەن حکوومەتەوە؟**
**جەماڵ پاڵانی:** تا ئێستا هیچ جوابێکمان نەبووە.

**ئەگەر لە لایان حکوومەتەوە دەرفەتتان بدەنێ حازرن وەک خەڵکی باشوور لێرەدا بژین؟**
**جەهانگیر محەممەدی:** بەشێکمان قەبووڵی دەکەن و بشێکیشمان قەبووڵی ناکەن. ئەوانەی قەبووڵی دەکەن پێموایە رێگایەکی تریان نییە.

**گوزەران لە روومادی باشتر بوو یان لێرە؟**
**جەماڵ پاڵانی:** سەبارەت بە روومادی با شتێک بڵێم، وەک خۆم ژیانی رۆمادیم زۆر لێرە باشتر بوو. لەوێ ژیانێکی زۆر چاکم بوو کار و کاسبی خۆم دەکرد. من لە رووی مادییەوە لە هاتن بۆئێرە زەرەرم کردووە.

**ئەو منداڵانەی کە لەودیوی سنوور بە ناوی ئێرانی بە دنیا هاتوون و ئەمانەی ئەمدیو کە بەناوی عێراقی بەدنیا هاتوون چ جیاوازییەکیان لە بەینا هەیە، ئایا جنسیەی عێراقییان بۆ دەکرێ؟**
**جەهانگیر محەممەدی:** نا، لە کەلار و سلێمانی منداڵم بووە هیچ لایەکیان هیچیان بۆ نەکردوون.

**حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ هاوکاریتان دەکەن؟**
**ئیسماعیل پاڵانی:** حیزبەکان هاوکارییەکی وایان نەکردووین، راستییەکەت دەوێ ئەوان کێشەمان بۆ دروست دەکەن. لە باتی ئەوی بێن ئەو خەڵکە بەیەکەوە بنێن، دووبەرەکی لە نێوان ئاوارەکان دروستدەکەن. ئێمە وەک کوردێکی ئاوارەی دەربەدەر گیر و گرفتەکانمان یەکن، لەباتی حەلکردنی گیروگرفتەکانی ئێمە ئەوان کێشەمان بۆ دروست دەکەن و لەباتی ئەوەی یەکگرتن لە ناو ئێمەدا دروست بکەن، ئیختلافی حیزبایەتی دەخەنە ناومان.

**لە سەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چیتان هەیە باسی بکەن؟**
**مەنسوور یاری:.** تا ئێستا یەک جاریش نەبووە لە سەر ئەم خەڵکە ئاوارە و بەدبەختە قسە بکەن، کە حکوومەتی هەرێم چاوخشاندنێکی بە سەر ئەم خەڵکە هەبێ، زۆر جار دێن بۆ ناو ئێمە و نەک بە قازانجی ئێمە هەڵسووکەوت ناکەن، بەڵکوو ئامادەن بۆ بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبی، قازانجی گەل لەبیر بکەن. لەم رۆژانە ئەبینم لەبەر ئەوە دێن دوو بەرەکایەتی و فەرق و جیاوازی لە نێو ئێمە دروست دەکەن، هەر حیزبێک ئاوا بکا لە ئایەندەدا روسوا ئەبێ و خەڵکی لێ دوور ئەکەوێتەوە.

من هەر لە رێگای رۆژنامەی ئێوەوە ئەو رەخنەیە لەو حیزبانە ئەگرم کە بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان روو ئەکەنە خەڵک، و گوێ نادەنە داخوازی ئەو خەڵکە، نەک هەر گوێ نادەنێ بەڵکوو خەریکی دووبەرەکایەتی دروست کردنن. ئەوان بۆ بەرەیەکی کوردستانی یەک نین، بەڵام دێن هاتووهاوار دەکەن لە سەر ئوردووگایەکی ئاوا کە با بەرەیەک دروست بکەین بۆ ئەم ئوردووگایە و با نوێنەرایەتی ئەم خەڵکە نەکەوێتە دەست فلانە لایەن، ئەمە زۆر بە قازانجی ئەم ئوردووگایە.

ئێمە بۆ ئاگاداریتان هیچ کێشەیەکی تەفرەقە و دووبەرەکایەتیمان نەبووە تاچەند مانگێک لەمەو پێش، بەڵام ئێستا ئەو کێشەیەی ئوردووگای رومادییان دووبارە زیندوو کردوەتەوەو هەر لە لایەنگرانی خۆیان کە بە قورئان و بە رەسمی شەهیدەوە هاتن بەرد بارانییان کرد ئێستا خەریکن ئەم دوو بەرەکییە جارێکیتر لێرە درووست ئەکەنەوە.

**وەکوو کەسێک کە لە کەمپی باریکە دادەنیشی چ داوایەکت هەیە لە حکوومەتی هەرێم؟**
**مەهتاب پاڵانی:** ئێمە لەگەڵ هیوا جافیشدا دانیشتنمان کردووە. ئێمە قسەمان کردووە و داوای ئەوەمان کردووە کە وەک هۆشیار کردنەوە بێنە ناو کەمپەکانمان. ژنەکانمان زیاتر پێویستیان بە هۆشیار کردنەوە هەیە. لە بارەی هۆشیارییەوە زۆر زەعفمان تێدایە، داوامان کردوە خولمان بۆ بکەنەوە لەو بوارانەدا کە ژنان پێویستیان پێی هەیە وەک: خەیاتی، یان ئەوانەی حەز لە کۆڕی شیعر دەکەن کۆڕی شیعریان بۆ بگرن. هەڵبەت بەڵێنیان داوە بەڵام هیچیان بۆ جێبەجێ نەکردووین.

**جەماڵ پاڵانی:** ئێمە داواکاریمان لە حکوومەت ئەوەیە کە مووچەیەک بۆ ئەم خەڵکە دابین بکا، نایژین هیچی بۆ نەکردووین، بۆ نموونە رێگاوبان و جادەکانی ئێرە هەموو حکوومەت سازی کردووە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە. موشکیلەی ئێمە نەبوونی مووچەیە.

**جەهانگیر محەممەدی:** ئێمە حەقی خۆمانە وەک پەنابەرێک داوای مافەکانی خۆمان بکەین، ئێستا ئێمە کەس و کارمان هەیە لە وڵاتانی دەرەوە لە سەدا 99ی پێداویستییەکانیان بۆ دابینکراوە. ئێمە دوای ئەو هەمووە ناکەین، تەنها چاوەڕوانی ئەوەین کە وەک خەڵکەکەی خۆیان چاو لە ئێمە بکەن. ئەوانەی کە خوێندەوارییان هەیە دایانبمەزرێنن لە دەزگا ئیدارییەکان و یەک لەوان شارەوانی.

**ئیسماعیل پاڵانی:** ئێمە داواکاریمان هەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە جێبەجێ بکرێ.










